# دیمەنێك لە بەرگی سیهەمی ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال

## دکتۆرێك لەنێو ڕەشەبای ژەهروئەنفال

عەبدوڵا کەریم محمود



دکتۆر ناصیح فاتیح عوسمان ناسراوە بە ناصح قەرەداغی لە 1960 گەرەکی خەباتی شاری سلێمانی لەدایك بووە، لە ساڵی 1984 کۆلیژی پزیشکی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، ساڵی 1986 بووەتە پێشمەرگەو دکتۆری مەلبەندی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دکتۆر ناسیح جگە لەوەی دکتۆرێکی ماندوو رۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی بووە، قەڵەمێکی بەتواناشە لە بواری ئەدەبو وەرگێرانوچەندین بواری جیاجیای تردا. شارەزاییەکی وردی زمانەو کەسایەتیەکی سادەو متوازعو خۆشەویستە لەکاتی چالاکیو داستانەکانی پێشمەرگەو پەلامارەکانی سوپای عێراق وکیمیابارانو بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکانی عێراق لەگەڵ پزیشکەکانی هاوڕێیو کارمەندانی تەندروستی دا رۆڵی دیاری گێراوە، لە دیدارێکدا لەوەڵامی چەند پرسیارێکدا ئاماژەی بەوەکرد :

**دەنگی بۆمبەکان :**

لەکاتژمێر شەشی شەوی 20/19 /1987/4 بەرەی کوردستانی لەسەر نەخشەو بەرنامەیەك توانیان دەستەی پزیشکانی مەلبەندی یەك کە بریتی بوون لە ( د. فایەق گوڵپی، جەلال عوسمان، د. جەبار نەریمان . د.ناجح گوڵپی ) منو پێشمەرگەیەك بەناوی عومەرو کاك جەبار لە 1987/4/19 لە گوندی زێوەمەربووین، وەگ تیمی پزیشکی بۆ فریاکەوتنی ئەو پێشمەرگەو هاوڵاتیانەی کە دەگەیەنرایە لامان.

کاتژمێر 7:30 ی ئێوارەی 21/4/ 1987 (10) فرۆکەی جەنگی گەیشتنە سە ئاسمانی ناوچەی قەرەداغ و کیمیابارانی ئەم گوندانەیان کرد کە بریتی بوون لە ( زیوەمەر ، دارزاین ، گۆشان ، جافەران ) لەوکاتە من لەناو ئاوایی زێوەمەر بووم بە چاوی خۆم فرۆکەکانم بینی نزم دەبونەوە بۆردومانیان ئەکرد ، ئێمەش لەگەڵ خەڵکی گوندەکە بەپەلە خۆمان گەیاندە ژێر پردو ئەشکەوتەکانی نزیك گوندەکە ، لەو کاتەدا ئێمە چاوەڕوانی دەنگی بەرزی تەقینەوەی بۆمبەکانمان دەکرد بەلاَم کە گوێمان لە دەنگی تلپ ..... تلپی کپی بۆمبەکان بوو توشی تێرامان بووین بەلامانەوە سەیر بوو لەك بۆردومانە هیچ حاڵی نەبووین تا ئەو کاتە فرۆکەکان ئاسمانی ناوچەکەیان بەجێ هێشت، ئێمەش لە ژێر پردەکە هاتینە دەرەوە، لەچەند جێگایەکی جیا جیا دوکەڵێکی چڕ وگەورەمان بینی بەرەوئاسمان بەرزدەبوەوە ، دوکەڵەکان لە ئێمەوە نزیك بوون ، لەبەر ئەوە یەکسەرهەستم کرد، ئەم دوکەڵە هەردەبێت کیمیایی بێت ، یەکسەر بەهەموو هێزێکمەوە بە دەنگی بەرز بەخەڵکی گوندەکەو پێشمەرگەکانم ووت : ( ئەمە کیمیاییە ، هەمووتان ڕوو بکەنە شوێنە بەرزەکان).

هەموومان چوینە بەرزاییەکان، لەهەندێك شوێن خەڵك ئاگریان بۆ خۆ پاڕاستن لە ژەهری کیمیاییەکە کردبووەوە، هەتا دنیا تاریك بوو بەوجۆرە ماینەوە، دواتر گەڕاینەوە بۆناوگوندەکە ، لەم کیمیابارانەدا نزیکەی هەشتا ژن و پیاو منداڵ برینداربوون، یەکێك لەبرینداەکان پیاوێکی خەڵکی زێوەمەر بوو تەمەنی 30 ساڵ دەبووچووبوە ناوچاڵی شوێنی تەقینەوەی بۆمبە کیمیاییەکە، هەردوو پێی ولاقەکانی وناوڕانی سوتابوەوە، بڵقی کردبوو، ئازارێکی زۆری هەبوو، زۆربەی برینداەکان بەهۆی جێگۆڕکێی هەواوە کە گازی ژەهری کیمیاییەکەی گواستبوە، بەرجەستەیان کەوتبوو، دووچاری سوتانەوە وفرمێسك و سوربونەوەی چاوببون، دەرمانمان پێ بوو چارەسەرمان بۆ کردن ، هەر کە ناوچەکە ئارام ببووەوە ، برینداەکانمان ڕەوانەی نەخۆشخانەی مەڵبەندکرد لە بەلەکجار، خۆشم لەزێوەرمەر مامەوە .

سەعات (3)ی پاش نیوەڕۆی (1987/4/22 دکتۆر ناسح لە خوار گوندی زێوەمەربوو، چاوەڕوانی ئوتۆمبێلێکی مەڵبەند ببو بۆ ئەوەی تراکتۆرێکی لە گوندەکانی دەوروبەری مەڵبەند بۆ پەیدا بکات، بۆ گواستنەوەی برینداەکانی زێوەمەر بۆ نەخۆشخانەی مەلبەند لەبەلەکجاڕ.

دکتۆر ناسح ڕوداوە پڕ لە تراژیدیا یەك لەدوای یەکەکانی بەوردی بۆ دەگێرامەوە:

–لەوکاتەدا لاندرۆفەرێکی مەڵبەند لە جادە قیرەکەوە لای داوچوە سەر ڕێگای خۆڵەکە، لەوکاتەشدا من چاوەڕوانی بووم بۆئەوەی ڕاسپاردەکەی پێ بگەیەنم، بۆئەوەی ڕوو بکاتە گوندەکان وتراکتۆرەکەمان بۆدابین کات، لەناکاو



دوو کۆپتەری غەزال گەیشتنە سەر ئاسمانی گوندەکە، دیاربوو جیبەکەیان بەدی کردبوو، هەردوو کۆپتەرەکە نیشتنە سەری ، جێبەکەش بە خێرایی خۆیی کرد بەناوئاواییدا، لەوکاتەدا من فریانەکەوتم بگەڕێمەوە بۆ ئەشکەوتەکە، بەپەلە خۆم کرد بەکەندڕێکدا ، لەسەرپشت پاڵکەوتم، بۆ بەدبەختی من ئیسعافێك 20 مەترلەولامەوەبوو، ئەوئیسعافەمان لەکاتی ئازادکردنی قەرەداغ دا لەنەخۆشخانەی قەرەداغ گرتبوو، دەمانویست بیبەین بۆنەخۆشخانەی مەڵبەند، لەوێ وەستا بوو، کپتەرەکان بۆماوەی 45 دەقیقەی تەواو بە شێوەیەکی بازنەیی دیاریی کراو لەسەرمان بوو، دەورو بەری ئیسعافەکەی بە شەستیر دادەگرتەوەوگیزەی گوللەکان دیار بوو نیشانەیان لە ئیسعافەکە دەگرتەوە ، بەڕێکەوت فیشەکم بەر نەکەوت، لەو کاتەدا هیچ بەتەمای خۆم نەبووم بۆ 1987/4/23 برینداەکانم بە تراکتۆر ڕەوانەی نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك لەبەلەکجارکرد.

ئەمە یەکەم جار بوو کیمیابارانی قەرەداغ بکرێت، بەبۆ چونی خۆم ئەو مادانەی کیمیایانەی لەم بۆردومانەدا بەکارهێنران بریتی بوون ( لەمادە گازە بڵقێنەرەکان بوون لەجۆری خەردەل)

کاک علی قەلاقایمەزی یەکێك بوو لەپیاوە قسەخۆشەکان ونان بدەکان بوو، مرۆڤێکی توندوسەرسەخت بوو، تەنیا ماڵ بوو لەناو قەدی کێوی قەلاّ قایمزدا، کەدۆڵی قەرەداغ دەکات بەدوو بەشەوە گوندێکی ئاوەدان کردبۆوە بەئاژەڵداری گوزەرانی خۆی بەڕێوە دەبرد، لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا کاتی ئەنفال دۆڵی رۆژئاوایی قەرەداغ لەبرەودا بوو، ئەو سەروەختە گوندی سێوسێنان ڕۆڵی شارۆچکەیەکی دەبینی بۆ ئەوکەسانەی نەیاندەتوانی بچنە شار، زۆربەی بارەگاکانی مەڵبەندی یەکی یەکێتی وحیزبەکانی تریش لە سێوسێنان وگوندەکانی ئەودۆڵەدا بوون ، هەرچەندە قەلأقایمەز لەناو قەدی چیایەکی کوڕی بالأبەرز دابوو، بەلاّم لە سەرکوترین ڕێگابوو بۆ ئەو ڕێبوارانەی لەگوندەکانی ئەم دیوەوە یان لەشارەزوورەوە ڕویان دەکردە سێوسێنان و تەکیە و بەلەکجاڕ، کەم کەس هەیە بەو ڕێگەدا گوزەریی کردبێ وحەپەی سەگەکانی دێ دڵی دانە خورپاندبێ و لەخزمەتی کاک عەلی قەلاّ قایمەزیدا پشویەکی نەدابێ و جامێ ئاوی فێنك و چایەکی گەرمی نەخواردبێتەوە.

دکتور ناسح دەڵێت لەکاتی گەڕانەوەم لەگەڵ کاک عمری پێشمەرگەدا لە گوندی زیوەمەرەوە بۆ بەلەکجاڕ بەگوندی قەلاّ قایەبەزدا تێپەڕیم.

وەك جارەکانی تر کاک عەلی خوڵکی چایەکی کردم ،پێکەوە لەهەیوانەکە دانیشتین وکەوتینە قسەکردن، دوای باسی شەڕوشۆڕو بۆردومانی بۆ کردم ، لەو کاتەدا کاک عەلی کراسەکەی هەڵدایەوەولاکەلەکەی ڕاستی نیشاندام وتی : دکتۆر جەراجەراحەیە داویەتی بەلاقەبرغەمەوە ، سەیرێکی بکە بزانە هیچی کەرەك نی یە؟

وەك کلّپەی ئاگر سوتاندبێتی ئەوەندەی لەپێك زیاتر لەکەلەکەی ڕەش ببووە، هەندێ شوێنی تلۆقی کردبوو، ئەگەر جەراحە (دوپشکی کلك شۆڕ) بە هەرکەسێکەوە بدات زۆر ترسناکەو تەنانەت کوشندەشە، بە وردی سەیری برینەکەی عەلی قەلاقایمزم کرد، لەسوتان دەچوو، نەك پێوەدان، دوای ئەوەی چەند پرسیاریکم لێ کرد لەبارەی هۆی سوتانەکەوسوربونەوەی لەهی ئەم بۆردومانەی دوایبوو، نامەبن دەستم وهێنامەوەوتم : عەقڵم نایبڕێ ئەوە پەیوەندی بەم زامەوە هەبێت.

ئەو کاتە کەم کەس دەیزانی کیمیایی چییە وکاریگەری چۆنە، ئەوانیش بیستبویان باوەڕیان نەدەکرد، ڕۆژیکی ئاوا بێتە ڕێیان، کاك عەلی ناهەقی نەبوو سوربێ لەسەرئەوەی جەراحە پێوەی داوە، چونکە باوەڕی نەدەکرد، کوتە ئاسنێنکی سارد بتوانێ لایەك لە قەبرغەی بسوتێنی .

لە قەلأقیمەزەوە تولە ڕێیەك بۆ سەر شاخ سەردەکەوت و تدادەبەزی بەرەو سێوسێنان، سەرشاخ تەخت وچەندەها تەبارە زەوی کێڵدراوی لێ بوو، هەرکە ئاودیو بووم ، بەدیوی سێوسێناندا شۆڕبوومەوە، لەدەورو بەری ڕێگەکە چەندها شوێنی تەقینەوەوگوللە تۆپی نەتەقاوەم بینی، چاڵی تۆپەکان بچوك بوون، گیاکەی دەوریان ڕەش داگەڕابوو، ئەم ناوچەیە لەدەوروبەری دەربەندیخان وشاخی گولأنەوە دەبینرا، پێ دەچووهەر لەوێشەوە بۆردومانکرابێ، دیاربووئەوبۆردمانەی تۆپە دوور هاوێژەکان کیمیایی بوون، ئەوگوللە تۆپەش کاک عەلی خسبویەبن دەستی ئاساری

ماده كیمیاییەكەی پێوەمابوو، ببووە هۆی سوتانی.

ئەومادده كیمیاییانەی كە ڕژێم لە سەرەتادا بەكاریدەهێنا، لەمادە تلۆقێنەرەكان بوون، وەك خەردەل و لویزایت، ئەمانە گەر هەر كەسێ نەكەوتنە ناو دوكەڵی ژەهری كیمیایەكەوە كوشندەنین ، دوای ئەم ڕووداوە چەند جارێكی تر ناوچەی قەرەداغ كەوتەبەركیمیاباران، سەدەها كەس بریندداربوون، لە نەخۆشخانەی مەڵبەند چارەسەركران ، بەڵام هەتا ئێوارەی تراژیدیای تاوانی كیمیابارانی گوندی قەرەباڵغی سێوسێنان، تەنیا یەك كەس گیانی لەدەست دابوو.

دوای ئەو زنجیرە كیمیابارانەی ناوچەی قەرەداغ و بالیسان وهەڵەدن وناوچە جیاجیاكان لەلایەن بەشی تۆبخانەی سوپای عێراق و فرۆكە جەنگییەكانەوە كران، بە بڕیاری سەركردایەتی ئێمەكە برینی بوین لەمن وسێ جێگری پزیشكاری (عەبدوڵلا ، حەسەن ، شوان) لە مەڵبەندی یەكی قەرەداغەوە گەیشتینە یاخسەمەر.

1987/8/25یەكەم ڕۆژی خولەكەمان بوو لەبارەی (ناسین و خۆپاراستن لە چەكە كیمیاییەكان لەلایەن پزیشكی پسپۆڕی بواری چەكی كیمیایی لە یاخسەمەر ، ئەم خولە بۆ هەموو پزیشك و كارمەندانی هەرسێ مەڵبەندەكەی (ی.ن.ك) كرایەوە.

لە 1987/8/29 ئێمە بەبارێك دەرمانەوە بە ئێستریكەوە گواستەوە بۆ مەڵبەندی یەك لە قەرەداغ.

لە گوندی زیوە، گوێدرێژێكم لەخاوەنەكەی بە ( 38 )دینار كڕی لەپشت گوندی قازان ، شەوێك مانگە شەو بوو لەسەر ڕێگاكە گەیشتین بە جۆگەلەیەكی باریك، گوێ درێژەكەوەستاوسڵی كردەوە، بە هیچ جورێك هەنگاوی بەسەرجۆگەلەكەدا نەدەنا بۆپەڕینەوە، چەند جلەوكەیم ڕاكێشاو هەوڵم لەگەڵدا، هیچ سودێكی نەبوو، لەشوێنی چەقی، دواتر بە ناچاری بارەكەمان لێ كردەوەو (5) كەس بەتوندی گوێ درێژەكەمان ڕاكێشاوپاڵمان پێوە نا تا لەم بەری جۆگەكەوە بەزۆر كردمانە ئەوبەری جۆگەكە ڕۆژی 3/9/1987 بەو شێوەیە گەیشتینە بەلەكجار.

د.ناسیح لەبارەی كیمیابارانی نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك ، لەلایەن فرۆكە جەنگییەكانی عێراقەوە و كاریگەریی ئەو ژەهرو چۆنیەتی فریاكەوتنی بریندارەكانەوە ،ئەو مەرگە ساتەی ئاوا بۆ گێڕاینەوە.

چەند جارێك گوندەكانی ناوچەی قەرەداغ كیمیاباران كرابوو، ئێمە هەموو توانای خۆمان خستبوە گەڕ بۆ بەهانا چون و فریاكەوتنی بریندارەكان بەڵام ئەم جارەیان بۆ یەكەم جار لە نزیكەوە نەخۆشخانەكەمان بێتە نیشانەی فرۆكە جەنگییەكانی ڕژێم و كیمیابارانی بكات.

نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك لە پەناچەمۆڵكەیەكدا بوو لە دۆڵێكی بچوك لە دەرەوەی گوندی بەلەكجار ، بەلاشانی بەرزاییەكی بچوكەوە و ڕووەو دەربەند بەرەوڵی و حەوشی گەورەی كێوی سەركەش و دیوار ئاسی قۆپی قەرەداغ ، بە چوار دەوری نەخۆشخانەكەدا تا چەند سەد مەتریش هیچ بینایەكی تر نەبوو،نەخۆشخانەكە تا ئەو كاتە شوێنكی ئەمین بوو، پێ دەچوو ، هیچ نەبێ ، خۆمان وامان هەست دەكرد، كە نەبوبێتە جێی

سەرنجی فرۆکەکانی ڕژێم ، کەزۆر جار بەسەر ئاسمانی ئەو ناوەدا سوڕبونەوە و بۆردمانیان کردبوو ، کارمەندانی نەخۆشخانە جگەر لە بەندە ، بریتی بوون لە دکتۆر فایەق ئەو ساتە لە ناو مەڵبەند بوو، دکتۆر جەلال ئەوکات لەگەڵ هێزدا لە مەڵبەندی دوو بوو، دکتۆر مەحمود ، دکتۆر ناجح ، پزیشکیارەکان بریتی بوون لە (بۆتان و حەسەن و عوسمان برایم و جوتیار و شوان و سەرکەوت) جگەر لە مام برایم و چەند پێشمەرگەیەکی تر.

27ی شوباتی 1988 بوو، ڕۆژێکی نیچە سامالی زستان بوو، هەوا لە چاو چلەیەکی درەنگ وەختا گەرم، ئاسمان شین و دیدە روون بوو ،چەند گەواڵە هەورێك شینایی ئاسمانیان لە نێوان خۆیان دابەش کردبوو، شەش نەخۆشمان هەبوو لە دوو ژووری نەخۆشخانەکەدا ڕاکشابوون، ئێمەش هەریەکەمان لە ژوور و دەشتی بەردەم نەخۆشخانەکەدا سەرقاڵی شتێك بوین، سەعات سێ و نیو بوو، لەناکاو گرمەی فرۆکە جەنگیەکانی عێراق، کپی و خامۆشی سەرایا ناوچەکەی هەژاند،سەرمان بەرزکردەوە ، چەند فرۆکەیەکمان بینی بە سەر ئاسمانی بەلەکجاڕ دەسوڕانەوە، هەرکە نزم ....نزمتر بوونەوە دیار بوو نیازی ئەو ناوەیان هەیە، بە پەلە و بە فڕکان خۆمان گەیاندە ئەو پەناگەیەی کە لەبەردەم نەخۆشخانەکە دروستمان کردبوو، ئەوانە لەو نزیکانە بوون و فریاکەتن بە پڕتاو خۆیان خزاندە ناو پەناگەکەوە، ئەوەی بۆردومانی فرۆکەی جەنگی بینیبێ یا موشەك و تۆپ بەرەو ڕووی هاتبێ، ناسینەوەی دەنگی بۆردمان بەرەو رووت زور ئاسانە، ویژەیەکی قایم تا دێ زیاد دەکات و واهەست دەکەی بۆمبە ڕاست بەرەو تۆ دێ و هەر ئێستا ئێسك و پروسکت دەبا بە ئاسمانا. ویژەی دابەزینی فرۆکە تا دەهات زیاتر دەبوو، ئێمەش هەناسەمان لە خۆمان بڕیبوو،کەس هیچی بۆ نەدەهات، خواخوامان بوو هەرچی زوترە بۆمبەکە بدات لە ئەرز و لە چاوەڕوانییە ڕزگارمان ببێ، ویژەی دابەزینی فرۆکە گەیشتە ئەو پەڕی و دەنگێکی کپ وتی: (ترپ). لە دڵی خۆم دا وتم : ئەمە هی ئەودابەزینە نەبوو.

لەبەر ئەوەی من لە خولێکی ڕاهێنانی کیمیایی دا لە گوندی یاخسەمەردا بەشداریم کرد، لەبەر ئەوە زۆر سەیر نەبوو بەلامەوە ، کە دەنگی فرۆکەکەم بووەوە، یەکسەر لە پەناگەکەوە سەرم هێنایە دەرەوە،ڕیك بەرامبەر کونی پەناگەکە بە پەنجا مەترێك دوور لە خۆمان بە سەر بەرزاییەکەوە دوکەڵێکی سپیم بینی دەچوو بە ئاسمانا. لەو کاتە بە هاوڕێکانم وت: کوڕینە وەرنەدەرەوە کیمیاییە . هەمووومان بە پەلەو بە شپرزەی لە پەناگەکە هاتینە دەرەوە بە پێ ی ڕێنماییەکان دەبوایە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی چولەی باوە ، هەمووومان هەڵگژین بەرەو بەرزاییەکانی ، لەسەرەتا خۆمان کرد بەژووری نەخۆشەکان دا و پێمان وتن : کیمیاییە ، دەبێت ئاگاتان لە خۆتان بێت و خۆتان بپارێزن ، بە خێرایی پەردەی دەرگا و پەنجەرەکانمان دادایەو، دەرگا و پەنجەرەکانمان لەسەر داخستن، پێمان وتن خاولیەك تەڕبکەن و بیدەن بە سەر دەم و چاوتان داو نەچنە دەرەوە تا خۆمان پێتان دەڵێین ، دواتر خۆمان بە ڕاکردن بەرەو بەرزاییەکانی بەرامبەر نەخۆشخانەکە

سەرکەتین ، لە بن بەردەکان دا خۆمان مەلاس دا، وچاودێری وردی بارودۆخەکەمان دەکرد..

فرۆکە جەنگییەکان نزیکەی 20 دەقیقە مانەوە و چەند سوڕێکی تریان بەسەر ناوچەکەدا خواردن نزیکەی 40 بۆمبی کیمیایان بەسەر ئەو شوێنەدا هاویشت، سێ بۆمبی تریشیان بە دووری (50_100 )مەتر لە دەوروبەری نەخۆشخانەکە دایان لە زەوی ، هەر ئەو کاتە فرۆکە جەنگییەکان گازبارانی گوندی (بەلەکجاڕ و بەردێ و تەکییە و بە لەخەو گۆمەتە و مەڵبەند، یان کرد.

دواتر فرۆکەکان ئاسمانی ناوچەکەیان بە جێ هێشت، ئێمەش لە بەرزاییەکانەوە دابەزینە خوارەوە ، ئەو ڕۆژە نەمان وێرا بچینە سەر شوێنی بۆمبەکان، بەلام لە دوورەوە سەیر نزیکترین شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانمان دەکرد، ڕێك لە بەردەمی ئەو ئەمبولانسەدا دابوی لە زەوی ، دیار بوو فرۆکەکان ئەمبولانسەکەیان بینی بوو، ئەو ئەمبولانسەمان لە ئازادکردنی شارۆچکەی قەرەداغ دا دەستگیرکردبوو،بە قوڕ سواغمان دابوو، لە ژێر دار بەرویەکدا دامان نابوو، بەلام ڕۆژی پێشووتر باران باری بوو، قوڕەکەی شۆرابوەوە،دیار بوو،بریقەی ئەمبولانسەکە خەبەری ئێمەی بە فرۆکەوانەکان دابوو..

یەکسەر خۆمان گەیاندە لای نەخۆشەکان، هەموویان سەلامەت بوون دوای دوو سەعات،چەندان بریندارى کیمیایی لە گوندەکانەوە سەریان هەڵدا،بەردێ و بەڵەکجاڕ زیانی زۆریان لێ کەوتبوو،زیاتر لەسی سەربزن و چەند مانگایەکی کوشتبوو، بۆمبێکیان ڕاست لە بەردەم بارەگایی لەشکری بەدردا دابوی لە زەوی، ئەوانیش خۆیان نەپاراستبوو،تێر بە دەوری دا گەڕابوون،زۆربەی بریندارەکان ، زیاتر لە 80٪ ی هی لەشکری بەدر بوو (ڕەنگە ئامانجی بۆردومانەکەش هەر بۆ ئەوان بوبێت، چونکە چەند ڕۆژێك لەوەوبەرنچالاکیەکان لەسەر ڕێگەی سەنگاو ئەنجام دابوو،جگەر لە خۆمان ستافی نەخۆشخانەکە ئەو کاتە بە خۆمان نەزانی، نیشانەی بریندارەکانبریتی بوو لە (چاو سور بوونەوە ، ئاوکردن، ڕشانەوە، کۆکە، تەنگەنەفەسی، بلۆق)، هەموو ئەمانە نیشانەی گازە بلۆقێنەرەکان بوو لە جۆری خەردەل و ئەوانی تر. ئەم گازانە کوشتندە نین، ئەگەر مرۆڤ زۆریان لێ هەڵنەمژێ، من پێشوتر لە کاتی ئازادکردنی قەرەداغ دا ، ئەم جۆرە بۆمبانەم بینی بوو ، بریندارانی ئەم جۆرە بۆمبانەم چارەسەرکردبوو، ئەو عەسرە تا نیوەی شەو ناو بە ناو بریندارمان بۆ دەهات و چارەسەرمان بۆ دەکرد، دوایی ئەوەی نەخۆشەکە خۆی دەشت و خۆی پاکدەکردەوە، قەترەی سرکەری زایلۆکاین بۆ ئازاری چاومان دەکردە چاوەکانی، دەرمانی ڕشانەوەمان دەدایە.. چەند بریندارێکی لەشکری بەدرمان لە نەخۆشخانەکە خەواند، گازەکە کاری لەسییەکانیان کردبوو،ئەو بریندارانە دوو هەفتە لە نەخۆشخانە مانەوە ، یەکێکیان گیانی سپارد، ئەمە یەکەم قوربانی گازی کیمیایی بوو پێش کیمیابارانی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداغ.

دکتۆر ناسیح لە ڕۆژمێرەکەی بەرباخەڵی جلە خاکیەکەیدا دەڵێت : ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دوایی بەردەم نەخۆشخانەکەمان وەك بەردەم مەرقەدی شێخ عبدولقادری گەیلانی وابوو، هەرکەسەو بەتانیەکی دابوو بە شانی داو لە پەنا دیوار و لە

حەوشەی نەخۆشخانەکەدا کزۆڵەی کردبوو، چاوەڕوان بوو جار جارە قەترەیەك یا دەرزیەکی بەرکەوێت ، تا کەمێك لە ئازارەکانی بشکێ ، ئێمە بەو شێوەیە سەرقاڵی چارەسەرکردن و خزمەتی بریندارەکان بووین ، نەمانەدەزانی خۆشمان بریندار بووین،سەیر لەوە دابوو ئێمە خەمی نەخۆشەکانی خۆمان بووین کە بە جێمان هێشتبوو، بە حساب ئێمە دوور کەوتبووینەوە لە شوێنی بۆمبەکان، ئەو کاتانەی خەتێکی مۆلیدەمان لە مەڵبەندەوە بۆ هاتبوو،شەوان کارەبایان بۆ هەڵدەکردین، ئەو شەمە زۆر بە لامانەوە سەیر بوو کارەبا هاتبووەوەبەلام گلۆپەکان تینی ڕووناکیان کز بوو، هەموومان لە قەراغی سفرەکە دانیشتبووین،هەندێك مشت و مڕمان کرد لەسەر ئەوەی بۆچی گلۆپەکان تینیان نیە ، هەرکەسە شتێکی دەوت،یەکێك بە سوعبەتەوە وتی : دیارە مۆلیدەکە کیمیایی لێی داوە بۆیە گڵۆپەکان بەکزی داگیرساوە ، هەموومان وتمان دیارە ئەم شەو ناتەواوە، سەعات هەشتی شەو بوو کە دەچوین دەرمان بدەین بە بریندارەکان، یەکێك لە برادەرەکانی بە نەخۆشەکانی تری ووتبوو ئەمشەو گڵۆپەکان تینیان نیە، نەخۆشەکانیش ئەو قسەیان بەلاوە سەیر بوو، وتبویان : وەڵلاهیچ عەیبی نیە ، گڵۆپەکان هەر وەك شەوانی ترە، ئەویش حەپەسابوو، چۆن شتی وا ئەبێ لای پێشمەرگەکان گڵۆپ کزە و لای نەخۆشەکان ئاسیی!

هەر کە برادەرەکەمان بە ئێمەی ووت : هەموو سەیرمان لێ هات، باوەڕمان نەدەکرد گڵۆپەکان لای ئێمە کز بێت و لای ئەوان ئاسایی بوو، هەموومان بۆ دڵنیایی چوینە لای نە خۆشەکان ، ئەوان گاڵتەیان پێ کردین، ووتیان هەر وەك شەوانە هیچ فەرقی نیە !!

بەلامانە و سەیری بوو دیارە چاومان تەڵخ بووە و کاریگەری کیمیاییەکەیە، شتەکانی ترم بیستبوو لەوێنەی چاو سووربونەوەو ئاوکردن و ئازار، ئێمە هیچمان نەبوو، بەلام کزبوونی چاو بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی تری لەگەڵدابێ،ئەمەم نەبیستبوو،ئەمجا گومانمان کرد ووتمان دیارە کیمیاییە کاری لەچاومان کردووە، هەموومان دامان قاقای پێکەنین، گەرچی نیگەرانیش بووین ، ئیتر بەلاقرتییەوە بە



یەکمان دەوت : (بەڵێ گڵۆپەکان کزبوون).

ئەو شەوە بەدەم نیگەرانیی چاومانەوە خەومان لێ کەوت، بەیانی کە لە خەو هەستاین ، هەموومان توشی چاو سووربونەوە بووبووین، ئینجا دڵنیا بوین بەڵێ گوایە ئێمە چووبووینە بەرزاییەکان و خۆمان پاراستبوو، کیمیایی کاری لێ کردووین، کەچی نەخۆشەکان لە ژوورەکان دامانەوە پارێزراو بوون، لێکدانەوەکان بۆ ئەمە ئەوە بوون ئێمە زۆر لەیەکەوە نزیك بووین، لەیەکەم بۆمب و لە کاتێك چوینە تەوەلانەخۆشەکان و دواتر تا گەیشتووینەتە بەرزاییەکان هەوای جولاو هەندێ لە گازەکەی

مـــــاڵیوە بەسەرچـــــاومان دا بـــــەڵام نەخۆشـــــەکان چـــونکە لـــە شـــوێنێکی قەپاتـــدا بـــوون، گازەکـــە زەفەری پێ نەبردون.

ڕۆژی دوایـــی بـــارانێکی چـــاك بـــاری، شـــوێنی بۆمبـــەکانی بـــە تـــەواوی شـــۆربوەو پـــاکی کردبـــوەوە، مـــن چـــومە ســـەر جێگـــەی بـــۆمبی لای ئەمبولآنســـەکە تـــا بـــزانم چـــۆنە، چـــاڵێك بـــوو بـــە تـــیرەی ســـێ مـــەتر و قـــوڵایی یـــەك مـــەتر ، لـــە نـــاو چـــاڵەکەدا پارچـــە بـــۆمبێکم دۆزییـــەوە لێ ی نوســـرابوو LVZوا بـــزانم کوریەی لویزایتە، یەکێکە لە گازە بلۆقێنەرەکان

**ناوی 67 شەهیدم تۆمارکرد:**

د.ناســـح لـــەبارەی کیمیابـــارانی سێوســـێنان و ناوچـــەکانی تـــر و چـــۆنیەتی فریاکـــەوتن و چارەســـەرکردنی برینـــدارەکان ســـەعات 6:45 دەقیقـــەی ئێـــوارەی 1988/3/22 مـــن لـــە نەخۆشـــخانەی مەڵبەنـــد بـــووم لـــە بەلـــەکجاڕ، لـــەو کاتـــەدا دەســـتم دەشـــت بـــۆ ئـــەوەی نـــانی ئێـــوارە بخـــۆم، تـــازە بـــاڵی تـــاریکی بەســـەر ناوچـــەکەدا دەکێشـــا، لـــە ناکـــاو بروســـکەیەکی ڕونـــاکیم بینـــی، یەکســـەر زانـــیم ئـــەوە راجیمەیـــە و لـــە دەربەندیخانـــەوە ئاڕاســـتەی شـــوێنك کـــراوە ئێمـــە نانمـــان خـــوارد، دوای ســـەعاتێك 3 کـــوڕی گـــەنج بـــە هەڵـــەوەدان خۆیـــان کـــرد بـــە نـــاو نەخۆشـــخانەکەدا وتیان:

(سێوســـێنانیان کیمیابـــاران کـــراوە و کەســـی تیـــا نـــەماوە ).لـــەوێ بـــە خێرایـــی پشـــکنینم بـــۆ کـــردن، دیـــار بـــوو کاریگـــەری ژەهـــری کیمیاییـــان بەســـەرەوە بـــوو، نیشـــانەکانیان بریتـــی بـــوو لـــە (قرخـــە قـــرخ، لێکێکـــی زۆر بـــە دەمیـــان دا دەهاتـــە خـــوارەوە ، بەبـــەردەوامی دەکـــۆکین، هەناســـەیان تـــەنگ دەبـــوو، بیلبیلـــەی چـــاویان تـــەواو بچـــوك ببـــوەوە) هـــەموو ئـــەم نیشـــانانە دەریـــان خســـت گـــازی ژەهـــراوی دەمارن، یەکسەر چارەسەری ئەوانەمان کرد.

بـــە خێرایـــی مەفرەزەیـــەکمان لەگـــەڵ دوو پزیشـــکیار نـــارد بـــۆ چـــەمە گەورەکـــەی نێـــوان بەلـــەکجاڕ و سێوســـێنان، بـــۆ ئـــەوەی لـــە ڕیگـــای نەخۆشـــەکان لـــەو چـــەمە بشـــۆن و چارەســـەری ســـەرەتای بـــۆ برینـــدارەکان بکـــەن، دواتـــر برینـــدارەکان بـــە پـــێ ی خۆیـــان و بـــە تراکتـــۆر و ولآخ گەیەنرانـــە نەخۆشـــخانەی بەلـــەکجاڕ، بـــە درێـــژایی ئـــەو شـــەوە چارەســـەرمان تـــەنیا یـــەك ژن و مـــرد ، ئـــەویش فریـــای چارەســـەری ســـەرەتای نەکـــەوت ، لـــە ڕێگـــا گیانی سپارد.

چارەســـەرەکامان بریتـــی بـــوو لـــە خۆشـــتن لـــە گـــەرماوی نەخۆشـــخانە،جل گـــۆڕینی دەرزی ئـــەترۆپینی برینـــدارەکان دەبوایـــە جلـــەکانیان دابکـــەنن و خۆیـــان بشـــۆن بـــۆ ئـــەوەی کاریگـــەری کیمیاییەکـــە لەســـەر پێســـت و جەســـتەو قـــژیان نـــەمێنێت، دواتـــر دەرزی ئـــەترۆپین-مـــان لـــە هـــەموو برینـــدارەکان دا ، ئـــەو دەرزی ئـــەترۆپین-ەمـــان لـــە کاتی گرتنی ناحیەی قەرەداغ دا دەستگیر کرد.

چـــەند برینـــدارێکیان کاریگـــەری ژەهـــری کیمیاییەکـــە زۆر بـــە تونـــدی و چـــڕییەوە بەســـەرەوە بـــوو، پێویســـتیان بـــە ژمارەیـــەکی زۆر (ئـــەترۆپین)هەبوو،لـــەناو برینـــدارەکان دا،ژمارەیـــەکی زۆر دەرزی ئـــەترۆپین-مـــان بـــۆ دوو برینـــدار کـــرد، یـــەکێکیان کـــاك عـــەلی ڕەشـــیدبوو فەرماندەیـــەکی دیـــار و ناســـراو بـــوو بنکەکـــەیان لـــەناو گونـــدی سێوســـێنان دا بوو،ئـــەم مرۆڤـــە هـــەموو توانـــای خـــۆی خســـتبوە گـــەڕ بـــۆ دەربـــازکردنی برینداەکان،بەمـــەش ژەهـــری کیمیاییـــەکی زۆر کـــاری تـــێ کردبـــوو ، نزیکـــەی 60 دانە دەرزی ئەترۆپین_مان بە دەمار بۆ کرد.

برینــداره ســەختەکەی تریــان کــاك عوبیــد مــەحمود بـــــوو، بــــۆ ئەمــــــەش نزیکــــــەی (50) دەرزی ئـەترۆپین_مـان بـۆ کـرد، کـاك عوبێـد بـێ هـۆش بـوو، هــیچ ئاگــای لــە خــۆی نــەما بــوو، هاوســەرەکەی وهــەموو جگــەر گۆشــەکانی بــەهۆی کاریگــەری کیمیاییەکـــەوە شــەهیدکران، ڕۆژانــی دوایــی مــن نــــاوی (67) شــــەهیدی سێوســــێنانم لــــە ڕۆژمێرەکەی بەرباخەڵمدا تۆمار کرد.

ســـەعات 11ی شـــەوی 1988/3/23/22 بەشـــی تۆپخانــەی ســوپای عێــراق لــە دەربەندیخانــەوە بــە راجیمــە کیمیابــارانی گونــدی دوکــانی کــرد، کــە یــەکێك بــوو لــە گونــدە گــەورەکانی دۆڵــی قــەرەداغ، بنکـــەی تیپـــی دەی قـــەرەداغ-ی لێ بـــوو، ئێمـــە برینــدارەکانی گونــدی دوکــان-مــان نــەبینی ، بــەلاّم زانیاریمـــان پـــێ گەشـــت دوو کەســـیان لێ شـــەهید بوو...

**بریسکەی ڕوناکی راجیمەکان:**




بەشــی تۆبخانــەی ســوپای عێــراق لــە ســـەعات 10:30ی شـــەوی 24/23 / 1988/3 جـــارێکی تـــر لەســــەر بازگــــەی دەربەندیخانــــەوە بەراجیمــــە کیمیابــــارانی گونــــدی بەلــــەکجارە ناومەڵبەنــــدی کــرد، لــەم ژەهەربارانـــەدا تـــەنیا کـــاك هوشـــیاری عـــەدەد جیهـــازی مەڵبەنـــدی یـــەك شـــەهیدکرا، لەوکاتـــەدا ئێمـــە لـــەناو نەخۆشـــخانەکەی مەڵبەنـــد دابـــوین کـــە لـــەدەرەوەی گوندەکـــەدا بـــوو، لـــەناکا و کـــاك شـــێرکۆ جـــدی و کـــاك هەڵکـــەوت _ی ئەنـــدازیار بانگی ئێمەیان کردوتیان:

وەرنـــەدەرەوە کیمیابـــارانی مەڵبەنـــد کـــراوە، ئـــەوان لەســـەر گردەکـــانی نزیـــك مەڵبەنـــد بـــوون، چـــاودێری دەربەنـــــــدیخانیان دەکرد،نـــــەبادا لـــــەناکاو کیمیابـــارانی گوندەکەبکـــەن، لـــە ناکـــاو بروســـکەی ڕوونــــــاکی راجیمــــــەکانمان بینیبــــــوو لــــــە دەربەندیخانـــەوە بـــەرەو بەلـــەکجاڕ دەهات،ئـــەانیش یەکســـەر بـــەرەولای ئێمـــە ڕایـــان کـــرد، بـــەلاّم کـــاك هوشـــیاری عـــەدەد جیهازیـــان لەگەڵـــدا نـــەبوو، ووتیـــان زۆر لەگـــەڵ کـــاك هوشـــیار دا هـــەوڵمان داوە بـــەلاّم ئـــەو لەگـــەڵمان دا نـــەهاتوە، ئـــەو بـــوو لـــەوەیٚ مایـــەوە، کیمیایەکـــە بەتونـــدی و چـــڕی کـــاری تـــیٚ کردبوو،لەشـــوێنی خـــۆی دواهەناســـەی ســـپارد بوو.

هاوشـــانی ئـــەم هێرشـــە کیمیـــایی یانـــە پـــەلاماری هێـــزی زەمینـــی دوژمنـــیش لـــە دەربەنـــدیخان وشارەزووروشـــاخی دارە ڕەشـــەوە دەســـتی پـــیٚ کـــرد، لەچـــەند قۆڵێکـــەوە پـــەلاماری ناوچـــە ئازادەکـــــانی قـــــەرەداخیان دا، ئێمـــــەش (1988/3/25) نەخۆشـــــــخانەکەمان گواســـــــتەوە بۆناوشاخی قۆپی...